# سایکۆلۆژیای هونەر

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

پەروەردەی هونەری، توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ پەروەردەکردن لەڕێی هونەرەوە، ئامانجی گەشەپێدانی ئاکار و ڕەفتاری ئادەمیزادە، گرنگی بە بنیادی پۆزەتیڤانەی ئاکار دەدات بۆ برەودان بە توانستی تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی کە پەیوەستە بە هەستی بینین و وێناکردنەوە، سەرەڕای توانستی درککردن و سەرنجدان و جیاکاری لەنێوان کاریگەرییەکانی پێزانین و هەستی بەرکەوتن و بینین، ئەوەش لەمیانی پیادەکردنی پرۆسەی بەخششی هونەرییەوە.

پەروەردەی هونەری ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی مەعریفە و لێهاتوویيدا دەبینێت، لەڕووی زانستی و هونەرییەوە بۆ چەمکەکانی شێوە و ڕەنگ و قەبارە و بارستایی و قووڵایی، هەروەها پێکهاتەی کاری هونەری و بەهای ڕووبەر و پانتایی و چەندان چەمکی دیکە کە پێوەندییان بە شێوەکاری و چۆنێتی بینینەوە هەیە، شانبەشانی هزری پەروەردەیی کە لە دنیای ئەمڕۆدا بە پەرەسەندنی زانستییەوە پەیوەستە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، ئەمە وای کردووە هەموو پسپۆڕ و شارەزایان بایەخی باشتر بە هونەر بدەن و وەک سیستم تەماشای بکەن و وەک وانەیەکی زانستی بیر لە چۆنێتی وتنەوەی بکەنەوە، ئەمەش وێڕای لەبەرچاوگرتنی شێوازی تێگەیشتن لە سیستمی هونەری بۆ هونەرمەندان و خوێندکارانی شێوەکاری کە لەمیانی ئاشنابوون بە چۆنێتی خوێندنەوەی یەکە و بەشەکانی کاری هونەری دێتە کایەوە، ئەوەش دەخوازێت زمانی هونەری شێوەکاری پێ بزانرێت کە لەڕێی فۆرم و وێنەوە دێتە بەرهەم.

پرۆسەکانی خوێندنەوەی هونەری وێنە، لە سیستمێکی یەک بەدوای یەکدایە بەم شێوەیەیە:

١- کاریگەری: کە هەماهەنگی دەخوازێت بۆ ئاماژە و



**کاندنسکی**

نیشانە و هێماکان و وردبوونەوە لە وردەکارییەکان، ئەمەش بەشداریکردنێکە لەسەر پرۆسەی پێزانین دەوەستێتەوە، کەسێتی لەمیانیدا ئاماژەی دیاریکراو پێدەزانێت، هەڵوێستەکە لە باری گشتییەوە دەگۆڕێتە سەر تایبەتی و دەرفەت دەدات تا بەشداریکردن لە ئاماژە و نیشانەکاندا بە هۆشمەندییەوە بکرێت، هەروەها بەوریاییەوە قووڵبوونەوە و جەختکردنەوە لە وردەکارییەکاندا بێتە ئەنجامی پێزانینیان.

٢- پێزانین (مەعریفە): کاردانەوەی ئاگایی لە زانینی دیاردە و سیمبۆلەکان کە یەکێکە لەو پێکهاتانەی بە چەمکەکانەوە پەیوەستن لە بایەخدان بە واقیع و جومگە و یەکەکانی، هەروەها بەشداریکردنەوەی هەست و ئەزموونی مرۆیی و ئاشنابوون بە هێما و سیمبۆلەکان، لەمیانی هەستەکانەوە ڕەگەزەکانی درککردن دێنە دی کە وا دەکات خەیاڵ و ئەندێشە چالاکی بنوێنێ بۆ وێناکردن و سۆز و میهر و مۆنۆلۆگە تایبەتییەکان. چالاکییە هەستییەکان دوو ڕوویان هەیە کە ئەوانیش خۆیان لە ڕووی درک پێکردنەوە دەبیننەوە لە جووڵە و بزاوتن بۆ پێزانین و تێگەیشتن، هەروەها ڕووی کارلێکراو کە لە پانتایی ویژداندایە و هەستەکانی خۆشبەختی و چێژ و ئازار و دڵتەنگییە و لە سۆزداردا نیشتەجێیە.

٣- سۆز و ویژدان (چالاککردنی ڕەفتار و ئاراستەکردنی): سۆز و میهر یەکێکە لە پاڵنەرە گرنگەکانی ئاکار و ڕەفتار، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگەی چواردەوری مرۆڤ و ئامادەیی ویژدانی ئاگاییە بۆ ئەزموونە سۆزدارییە تایبەتەکان، ڕەفتار چالاک دەکات و ئاراستەی دەکات تا ئاقارێکی دیاریکراو لەنێو هەست و ئاگایی هونەرمەند و ڕامانەکانیدا وەرگرێت، یان لە ڕەفتار و بەخششە هونەرییەکەیدا، ئەمە وا دەکات بەرانبەر شتەکان و بیروبۆچوونەکان بۆ پێکهێنان و خەملاندنی کارێکی هونەریی دیاریکراو ڕەفتارێکی ئیستێتیکی بیبنێ.

٤- پێکهاتە: بنیادی شێوەی بینراو لەسەر بنەڕەتی کاری هونەری و پێکهاتەیە، لایەنێکە بایەخ بە بنیادنانی شێوەی بینراو بۆ گەیاندنی چەمکەکانی دەدات.

بەم شیکردنەوەیە دەکرێت پێناسەی هونەر بەوە بکەین کە بنیادی شێوەی بینراوە و لە سیستمی ئەزموون و تێگەیشتنە خودییەکانەوە بەرهەم هاتووە، بە بەکارهێنانی شێوازێکی شیاو بۆ دەربڕین و گوزارشتکردن. خەملاندن بەمانای توانستی هونەرمەند لە پێشکەشکردنی پێکهاتەی نوێ و شێوازی تازە، کە پێشتر لە کایەی هونەردا نەکراوە، ئەمەش بە توێژینەوە لێی تا وەک بەرەنجامەکانی لێک بدرێنەوە وەک ئەوەی ڕەگەزەکان بۆ شتێکی دیکە ڕێک بخات، یان دووبارە خەملاندن و دارشتنەوەی کە پشت بە چالاکی هونەرمەند دەبەستێت.

٥- لێهاتوویی و جێبەجێکردن: ڕێگەکانی جێبەجێکردنە بە ڕەگەز و شێوازەکانی شێوەکاری، لێرەدا هونەرمەند بایەخ بە بەرجەستەکردنی وێنەی ویژدانی دەدات کە کاریگەری ژینگە و سروشتی بەسەرەوەیە، پاش وەرگرتن و تێگەیشتن و پەرەپێدانی ئەو وێنانە، ڕەگەزەکان فاکتەری دەربڕین و گەیاندنی بیروبۆچوون و هەستەکانن، بەکارهێنانی ئەکتیڤانەی ئەو ڕەگەزانە لەمیانی گەشەسەندنی شێوازی پەیڕەوکراوەوە دەبێت کە لێهاتوویی و تەکنیکەکان یاریدەدەرن.

### سایکۆلۆژیای هونەرمەند

سەرباری بیروڕای هەمەجۆر دەربارەی پێناسەی هونەر و هونەرمەند، هەندێک بەو شێوەیە ناسنامەی هونەرمەند دەردەخەن کە توێژەرەوەیە، هەندێکی دیکەش وەک زمانحاڵی ئەندێشە و ئازارەکانی کۆمەڵگە دەیبیننەوە، بەڵام هەمووانیش وەها تەماشای دەکەن کە کەسێکە لە ململانێی بەردەوامدایە و لەو چاوگەوە بەرهەمی ئەوتۆ لە

ناوەڕۆک و فۆرم پێشکەش دەکات، دەکرێت بڵێین هونەرمەند لە کۆششی بەردەوامیدا، لە دۆخی بەرگرییەکی هەمیشەییدا دەژی، بەرهەڵستی و بەرگرییەکانی تۆوی نوێن بۆ بەخشش و ململانێی تازەتر.

لەبەرئەوەی هونەرمەند مرۆڤە بەر لە هەر شتێکی دیکە، لە ڕۆچوونەکانیدا دەژی و پێکهاتەی واقیعی خودیی ڕەنگ پێ دەداتەوە چ لە بیروباوەڕ و ئەزموونی تایبەتی ژیانی، بێ گومان هەموو ئەوانەش لە خولیا و ئارەزووکانی پێکدێن و وەک خۆراکی ڕوحی و دەروونی و کۆمەڵایەتین، کە هەموو ئەمانەش لە پێکهاتە دەروونییەکەیدا بە (سایکۆلۆژیای هونەرمەند) دەناسرێن.

شێوەی بەرهەم و بەخششی هونەرمەند لە ئاکامی قووڵبوونەوە و ڕوانینەکانی، هەمووی لەژێر کاریگەری پێکهاتەی سایکۆلۆژیی هونەرمەند دێنە کایەوە کە ئەوەش شێوازی دەربڕینەکانی هونەرمەندە لەمیانی پەرچەکردار و کاردانەوەکانیدا، هەر بۆیە دەبینین هونەرمەندی شێوەکار ڕێباز و ستایلی دیاریکراو پەیڕەو دەکات کە لەگەڵ بڕوامەندیدا دەگونجێن، یان گۆڕینی شێوازەکان پەیڕەو دەکات کە ئەمەش وەک ڕاڕایی ناکەوێتەوە، یان وەک لەدەستدانی هاوسەنگی، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵ ئەزموون و ڕۆچوونەکانیدا، لەگەڵ گەشەسەندنیدا درککردنی قووڵی بۆ شتەکان و لێکدانەوەی واتاکانیان دەبێت کە دیسان بە سایکۆلۆژیای کەسێتییەوە پەیوەست دەبێتەوە و بەرەو گۆڕان و وەرچەرخان پەل دەکێشێت.

لێرەوە دەکرێت لەکاتی هەڵسەنگاندن و گۆڕینەوەی بیروڕادا لەسەر ئەزموونی هونەرمەندێک، پێویستە بەم ڕەگەزانە ئاشنا بین و وەڵامی پرسیارگەلێکی گرنگ بدەینەوە، وەک:

١- ڕۆشنبیریی هونەری: بەمانای ئاستی پەیوەستبوونی هونەرمەند بە میتود و تیور و ڕێباز و قوتابخانە هەمەجۆرەکانەوە.

٢- بڕوامەندیی خودی: بەو مانایەی کە هونەرمەند بڕوای بەو ستایل و شێوازە هەیە کە پەیڕەوی دەکات، یان زیاتر پابەندە بە پاشخانە هەمەچەشنەکانەوە، یان لەکاتی پەیڕەوکردنی ئەو شێوازەدا تەنیا لاسایی دەکاتەوە و دەیەوێت شتەکان کۆپی بکاتەوە.

٣- ئایدیۆلۆژیای هونەرمەند: ئەمەش هەموو بیروباوەڕ و ڕوانینەکانی لەخۆدەگرێت بەرانبەر بە واقیع، ئیدی واقیعی کۆمەڵایەتی بێت، یان کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی.

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەوە، دەکرێت هەڵوێستی هونەرمەند دەستنیشان بکرێت و ئەزموونەکەی شی بکرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، ئەمەش وێڕای بۆچوونمان کە لەگەڵیدا تەبا بینەوە، یان دژ بوەستنەوە، پێویستە کاری هونەری لەسەر ئەم بنچینانە شرۆڤە بکرێن و هەڵسەنگێنرێن، یان لە هەڵوێستی تایبەتی و کەسێتیدا. لەم پێناوەدا وەها پێویست دەکات ڕێبازی ئەبستراکت بەسەربکەینەوە، چونکە ڕێباز و بزووتنەوەیەکە باشتر لایەنە کەسێتییەکانی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە.

## ئەبستراکت و هونەرمەند

یەکێک لە نووسەرانی هونەری شێوەکاری ئاماژە بەو پەیوەستبوونەی هونەر و واقیع دەکات و پێی وایە خاپووربوونی سەردەمی ڕێنیسانس و نەریتەکانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەوروپا، گوزارشت بوو لە دارمانی ئەو سەرخانەی پاڵپشتی پێوەندی بەرهەمهێنانی دەکرد کە ڕێنیسانس لەگەڵ خۆیدا هێنای، بەڵکو لە گەوهەردا شۆڕشێکی هونەری بوو بەرلەوەی ببێتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو پێوەندییانەی کۆتایی پێ هێنا، بەڵام جیاوازی بنەڕەتی لەنێوانیاندا ئەوەبوو کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی جێگرەوەیەکی دیکەی پێشکەش کرد کە شوێنی پێکهاتەی ئابووری کۆن بگرێتەوە. لەکاتێکدا شۆڕشی هونەری نەیتوانی جێگرەوەیەکی هونەری بخوڵقێنێ تا شوێنی ئەو فۆرمە هونەرییە کۆنە بگرێتەوە کە پەیوەست بوو بە پێکهاتەی ئابووری کۆنەوە، چونکە دەشێت وەها وەسفی ئەو حەفتا ساڵەی دوایی لە دیرۆکی هونەر وەسف بکەین کە وەرچەرخان بوو و چەمکە کۆنەکانی هەموو سڕییەوە.

زۆرینەی بینەرانی هونەری شێوەکاریی وەها سەیری هونەری ئەبستراکت و تابلۆی ڕووتکاری دەکەن کە شقلی و پقلی هونەرین و هێڵکارییەکی تەمومژاوین، هونەرمەندانی سەر بەو ڕەوتە خۆیان لە ئاڵۆزکاریی دەدەن بەمەبەستی نمایشکردن، هەندێکیش سەرکۆنەی کاری ئەبستراکت دەکەن و وەک ئیفلاسی هونەری تەماشای



پیکاسۆ

دەکەن، وەلێ هەموو ئەو ڕوانین و بیروڕایانە بەڵگەی ئەوەن کە خاوەنەکانیان ناتوانن سەرکێشی قبووڵ بکەن و لەگەڵ ئەو کارانەدا هەنگاو هەڵبگرن، یان شتێک لە کاریگەرییەکان و ڕیشەی گۆڕانکارییەکان لەبەر چاو ناگرن کە قۆناغەکانی هونەر بەخۆیانەوە بینیویانە.

تابلۆی ڕووتکاری، یان ئەبستراکت بریتییە لە هێڵ و ڕووبەر و پانتایی ڕەنگەکان، یان فۆرمی ئەندازەیی کە هونەرمەندان لەبری شێوە هونەرییە باوەکان جێبەجێی دەکەن، هونەرمەندی ئەم ڕێبازە فۆرمەکان بە شێوە زانراو و بینراوەکانی خۆیانەوە پێشکەش ناکەنەوە، بەڵکو لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا کارەکان ئەنجام دەکەن، واتە پێوەر و ڕواڵەتە بەرچاوەکان هەڵدەتەکێنن و سەرلەنوێ بنیادیان دەنێنەوە، بەمانایەکی تر دارشتنەوەی فۆرم و شێوەکان بۆ بەش و یەکە بنەڕەتییەکانیان تاوەک بایەخی ئەو یەکە و بەشە سەربەخۆیانە بۆ هونەر دۆستان بەیان بکەنەوە، کە پێشتر گرنگییان پێ نەدراوە، ئەمە بەڕوونی لە کارەکانی (پیکاسۆ) و (جۆرج براک)دا دەردەکەوێت لە ڕێبازی کوبیزمدا، یان پێشتریش لە کارەکانی (سیزان)دا، ئەوان بەشێوەی دیکە و لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە فیگەرەکانیان بەرجەستە کردووە، سەرباری چارەسەرکردنی فۆرم وەک بابەتێکی سەربەخۆ و دوور لە کاریگەری و بوونەکانی دیکە، بەم شێوەیە کاری ئەبستراکت خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیەتی و پێویستە بەشێوەیەکی تازە خزێندنەوەی بۆ بکرێت مادامەکی خاوەن مانایەکی دیکەشە، هەموو ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە کە هونەرمەند ڕژاوەتە نێو جیهانە تایبەتمەندەکەی خۆیەوە و لە شێوەکان ڕادەمێنێ بەرلەوەی تۆماریان بکات، بەڵکو کارلێکی ناوەوە شێوە و فۆرم و بینراوەکانیش بارگاوی دەکاتەوە بە شتە تایبەتییەکانەوە کە بەپێی زەمەن و ئەزموونی کەسێتی ڕەنگرێژ بوون، ڕۆنان و خوڵقاندنی جیهانەکانیش چیتر نابنەوە شێوە بینراوەکانی پێشوو، یان وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن، بەڵکو دەبنەوە بەشێک لە جیهانە ناوەکییەکان و شتە خودییەکان، ئەمەش نەک تەنیا لە ئەبستراکت و کۆبیزم و ڕەوتە ئایندەخوازی و پێکهاتەخوازییەکاندا بەتەنیا، بەڵکو دیسانەوە هونەری نوێ و هاوچەرخ سەراپا لەم خەسڵەتانە پێکهاتوون و ئەستەمە لەدەرەوەی ئەم لایەنە بوونیان هەبێت، لە سەرجەم ڕەوت و ڕێبازە نوێخوازەکاندا زانستیبوونی فۆرم و پێکهاتەکان ئەرکی سەرەکییە، پاشان دەربڕین و وەشاندنی گوتار و ناوەڕۆکەکان.

تابلۆیەکی هونەری لە پێوادانگی کۆبیزمییەکانەوە ئەوەیە کە هونەرمەند پرۆژەیەکی تەواو کامڵ بخەملێنێ کە سەرەتا و نێوەند و کۆتایی هەیە و تێیدا شیکردنەوەی فۆرمەکان دەکات، تا شێوەکان بگەنەوە بە پێکهاتە و بەشەکانی خۆیان، واتە دابەشکردنی شێوە بۆ شێوە و فۆرمە لاوەکییەکان، ئینجا ڕێکخستن و پێکهێنان و بنیادنانەوەیان، بەڵام ئەو پێکهاتە و بنیادەش پێکهێنانی فۆرمەکانی پێشوو نییە، ئەوەندەی خوڵقاندنی بنیادی نوێیە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەتیش لە ساڵی ١٩١٢دا زۆر لە توێژەران و نووسەرانی هونەری شێوەکاری بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە پێویستە تابلۆی ڕوون و ئاڵ بەرهەم بهێنرێن، بەمانای ئەبستراکتی پوخت، لە پاییزی هەمانساڵدا کارەکانی (دیلۆنی) و (کوبکا) و (بیکابیا) و (فێرناند لیچێ) دەرکەوتن و نازناوی ڕەونەق و ڕوونیان پێ درا، تابلۆکەی (مالیڤیچ) بەسە بۆ ئەوەی ئەو چەمکە بەرجەستە بکاتەوە، کە ساڵی ١٩١٥ نمایشی کرد، کارەکەی شێوەی لاکێشەیەکی ڕەش بوو لەسەر باکگراوندێکی سپی و تایتڵی (چوار پەل) ناوونیشانی بوو، ئارەزووی نەبوو بە چوارگۆشە، یان لاکێشە ناوی بهێنێ و وەک ئەوە بوو بڵێت ئەم فۆرمە چوار لای هەیە، یان چوار پەلی هەیە، لێرەشدا ئەو بەشداریکردنەی بینەر لەپێش چاو گیراوە کە لە

ئەستۆیەتی بۆ پشکنین و گەڕان و ڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی کە لە تابلۆکەدا بەدوایدا دەگەڕێت.

کارەکانی (مالیڤیچ) و (کاندینسکی) و (مۆندریان) لە کاتی خۆیاندا لەلایەن ڕەخنەگرانی هونەرییەوە بەباشی قبووڵ نەکران، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تازە بوون و دژ بە شتە مەئلووفەکان دەوەستانەوە، هەروەها چ تیورێکی زانستیش نەبوون تا بەرگری لەو جۆرە هونەرە بکات.

هونەرمەندی ڕووتکاری لە دامەزراندنی کارە هونەرییەکەیدا پشتی بە زانست و هونەرەکانی دیکە دەبەست، وەک بیرکاری و موزیک و فەلسەفە و دەروونناسی و ئیستێتیکا و زانستی دیکە، پێویستە هەموو ئەم زانستانە پەیڕەو بکات تا بتوانێ کارێکی مانادار پێشکەش بکات و شیاوی تێگەیشتن بێت.

## هونەرمەندی ئەبستراکت و ماتماتیک

بەکارهێنانی ماتماتیک لە پرۆسەی نیگارکێشانی کۆندا بۆ سەدەی پێنجەم و شەشەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، وەختێ (فیساگۆرس) پێوەندی نێوان ژمارەکان و شێوەکانی لێک دا، بۆ نموونە ژمارەکانی (١، ٣، ٦، ١٠، ١٥...تاد) ناوی لێنان ژمارە سێگۆشەییەکان لەبەر ئەوەی خاڵەکان دەکرێت لە فۆرمی سێگۆشە دابنرێن. یۆنانییەکانیش لە پێوانەی تابلۆدا (پێوانەی زێڕین) بەکاریان دەهێنا، سەرباری ئەمەش ماتماتیک لە شارستانییە کۆنەکانی دیکەی وەک شارستانی هیندی و ئیسلامیدا لە خۆشنووسی و نیگار و نەخش و زەخرەفە و تەلارسازیدا بەکاردەهێنرا.

لەگەڵ ئەمەشدا بەکارهێنانی ماتماتیک لە سەردەمی نوێدا جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە وەک لە سەردەمانی پێشوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هونەرمەندانی ئەبستراکت بۆ شیکاری فۆرم بیرکارییان بە فۆرم و ڕەنگەکانەوە گرێ داوەتەوە، ئەوەش لەمیانی خوڵقاندنی پێوەندی ئەژمارکردنی ساناوە، یان وەک پێوەندی نێوان دژەکان و هاوکێشە ئاڵۆزەکان. لێرەشەوە هونەری سیستماتیکی لە شێوەیەکی لێکچوو بە بەکارهێنانی بیرکاری بۆ پیتە ئەلفوبێییەکان سەری هەڵدا، ئەمەش تەنیا بۆ بەکارهێنان نەبوو، بەڵکو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکرا.

لەو هونەرمەندانەی ناوبانگیان دەرکرد لە بەکارهێنانی ژمارەکاندا، هونەرمەند (سۆل لیۆت) بوو کە کارەکانی لەڕێگەی ئەژمارکردنێکی ڕێکوپێک و جوانەوە دامەزراندووە وەک ژمارەکانی ١، ٢، ٣، ٤، هونەرمەندێکی دیکەش (ماریۆ میرز) بوو کە سیستمی (فیبوناکسی) بەکاردەهێنا، کە ئەوەش سیستمێکی ژمارەیی بوو و لەسەر کردەی کۆکردنەوە دەوەستایەوە.

## هونەرمەندی ئەبستراکت و موزیک

موزیک هەر لە دێرینەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆی بینیوە کە گوزارشت بووە لە جیهانی ناوەوەی هونەرمەند و کۆمەڵگە، سەبارەت بە هونەرمەندانی ئەبستراکت لەمیانی نۆتەوە ڕوانیویانەتە موزیک، ئەوەش وەک سەنتراڵێک لەسەر کردەی دووپاتکردنەوە، ئەویش وەک شێوە ئەندازەیی و ژمێرییارییەکان بەکاردەبرا. کایەی بنەڕەتی بەکاربردنی موزیک لای هونەرمەند بریتی بوو لە ڕەنگ و خوڵقاندنی جووڵەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی کە نۆتەی موزیکی گوزارشتی لێ دەکرد.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕوون و ئاشکرا لەنێوان موزیک و هونەری ئەبستراکتدا هەیە، نموونەی ئەمە میوزیکژەن (ئاشنۆنبێرگ)ە کە تابلۆی هونەری جوانی پێشکەش کردووە، هەروەها (کاندینسکی) و (کوکوشکا) کە ئەوانیش دەقی شانۆیی و چیرۆک و شیعریان نووسیوە و دەربارەی موزیک نووسیویانە. بۆ نموونە کاندینسکی هەموو ڕەنگە سەرەکییەکانی بەراورد کردووە و هەریەکەیانی بە ئامێرێکی موزیکی چواندووە، ڕەنگی زەرد بۆ نموونە وەک تەپڵ و...تاد. کاندینسکی پشتی بە موزیکی سەدەی حەوتەم و هەشتەم بەستووە، (کوبکا) ئەزموونێکی لێکچووی وەک (باخ)ی کردووە و ناوی لێ ناوە (تابلۆی جووڵاو)، یان (کۆلاجێکی ڕووتکار) و بە موزیک چارەسەری کردووە، کارە کۆلاجییەکانی کوبکا لە بزاوتندا بوون و لەپێش چاوی بینەران لە جووڵەدا بوون و گرووپێکیش پارچەیەک لە سەمفۆنیای باخیان لەگەڵدا دەژەند.

## هونەرمەندی ئەبستراکت و ڕەنگ

(سیزان) پێناسەیەکی نوێی بەخشییە هونەر و بەرەو قووڵبوونەوەی سروشتی برد، شیکردنەوەی پێکهاتەی فۆرمی لەمیانی ڕەنگەوە جێبەجێ کرد، شێوە

ئەندازەییەکانی کردە پێوەری یەکگرتن و زانستیبوونی نیگارکێشان، فۆرمی جیهانی دەرەکی دەکرد بە بەش و ناوچەی ڕەنگینی بەرانبەر بەیەکتر و بەوەش گونجاندنی بەخشییە شێوەکان.

هەرچی (ئۆستوالد) بوو لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کیمیایی و لە ساڵی ١٩١٦دا تیورەکانی خۆی لەژێر ناوونیشانی (ڕەنگە سەرەکییەکان)دا بڵاوکردەوە، دوای ئەوەش تیورەکانی بوونە بناغەیەک بۆ لێتوێژینەوەی هەندێک هونەرمەندی هۆڵەندی و سەرهەڵدانی ڕێبازی (ستایل) کە یەکێک لە پێشەنگەکانی (دوسبێرگ) و (مۆندریان) بوون. (ئۆستوالد) هارمۆنیای ڕەنگەکانی بۆ ٢٤ تۆن دابەش کرد و تیورەکەی لەسەر چوار ڕەنگی سەرەکی دارشت کە ئەوانیش سوور و زەرد و شین و سەوز بوون، هەرچەندە ڕەنگی سەوز لە دوو ڕەنگە سەرەکییەکەی شین و زەرد پێکهاتووە، وەلێ ئۆستوالد بە ڕەنگێکی بنەڕەتی تەماشای دەکرد.

(کاندینسکی) لە ماوەی مانەوەیدا لە باوهاوس، شێوە ئەندازەییەکانی وەک چوارگۆشە و لاکێشە و بازنەی بەسەر هەزار خوێندکاری قوتابخانەکانی ویمار لە ئەڵمانیا دابەشکرد و داوای لێکردن بۆ هەر شێوەیەک ڕەنگێکی بنەڕەتی (سوور و زەرد و شین) تەرخان بکەن، ئاکامی توێژینەوەکانی ئەوەیان دەرخست بەپێی ڕێژە، لاکێشە ڕەنگی زەردی پێ دراوە و چوارگۆشە ڕەنگی سوور و بۆ بازنەش ڕەنگی شین دانراوە.

مەبەستمان لەو بەسەرکردنەوەیە نویشکێک بوو دەربارەی هونەری ئەبستراکت و هونەرمەندەکانی، کە وا پێ دەچێت دەرەوەی بە تاریکایی تەنرابێ و ڕۆچووبێتە ناو جیهانی ناوەوەی وێنە و شێوەکان و قووڵاییەکان بپشکنێ، دەکرێت وەک هەوڵدانێک بۆ نەخشاندنی فۆرمی دەرەکی ئەم بابەتە لەم دێرانەدا پوختەی بکەین:

**یەکەم:** هونەری ئەبستراکت تەنیا شقلی و پقلی هونەری نییە، بەڵکو هونەرێکە و پشت بە بنەڕەتی زانستە دیاریکراوەکان دەبەستێت.

**دووەم:** هونەرمەندی ڕووتکاری دووچاری ئیفلاسی هونەری نەبووە، وەک هەندێک پێیان وایە، بەڵکو لە ئاستێکی باڵای هۆشداری و ڕوون و ئاشکرایی هونەریدایە کە بەبێ ئەم خەسڵەتانە توانستی بنیادنانی چ تابلۆیەکی ڕووتکاری نییە.

**سێیەم:** هونەری ئەبستراکت بنەڕەتی تیورەکەی لەسەر زانست و هونەرەکانی دیکە و ماتماتیک و موزیک و فەلسەفە و دەروونناسی پێکدێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو فاکتەرە بدەین کە زۆرینە هونەر و تابلۆی ئەبستراکت ڕەت دەکەنەوە، چونکە ئەوان لە ڕووبەڕووبوونەوە هەڵدێن و کەومکورتی خودییان هەیە، لەبەرئەوەی تابلۆی ڕووتکاری سەرکێشییەکی ئاشکرای لە بەرانبەر بینەراندا هەیە و بۆ پرسە ساناکانیان وەڵامی حازربەدەستیان نادات، بەڵکو پرسیاری نوێی گرانتریان دەداتێ و داوای وەڵامدانەوەیان لێ دەکات. سروشتی مرۆڤیش وەهایە کە سەپاندن قبووڵ ناکات، مەگەر بە هەڵبژاردنی خۆی نەبێت، ڕەنگە لەسەر شتە ئاسانەکانیش ڕاهاتبێ و پێی باشتر بێت مەعریفە بخرێتە ناو قاپێکی زیوینەوە و پێشکەشی بکرێت، واتە تابلۆ وەک کتێبێکی کراوەی لێ بێت، بەڵام کاری ئەبستراکت کتێبێکی داخراوە و دەخوازێت بینەر خۆی بیکاتەوە، لاپەڕەکانی هەڵبداتەوە و بکەوێتە خوێندنەوەی، هەموو ئەوەی هونەرمەندی ڕووتکاری لە بینەر و هونەردۆستان دەیخوازێت ئەوەیە بەرانبەر تابلۆکەی ڕابمێنن و پرسیار بکەن، ئەو شرۆڤانەی بۆ بکەن کە بڕوامەندن پێی، دیالۆگ لەگەڵ کارەکە و هونەرمەندەکەدا ساز بدەن، دواجاریش تابلۆی ڕووتکاری دیالۆگ و ڕووبەڕوو بوونەوە و وەدەرکەوتنە بۆ ناوەوە.

**سەرچاوە:**

**١- سايكولوجية الفن، نووسینی: د. مراد حكيم بباوي، ثقافة و فنون، سایتی گوگل، ٢٠١١.**

**٢- في سيكولوجية الفن التشكيلي، د. قاسم حسين صالح. بغداد ٢٠١٠.**

**٣- دروس في مدرسة الفن، شيلنگ. و: د. علي عبدالمعطي محمد، ٢٠٠٩.**

**٤- الفن خبرة، جون ديوي. ت: زكريا ابراهيم، القاهرة- بيروت، ١٩٦٣.**

**٥- قضايا الابداع الفني، جمعة حسين، بيروت، ١٩٨٣.**

**٦- فلسفة الروح، والتر ستيس، ت: امام عبدالفتاح امام، بيروت، ١٩٨٣.**